# ده شت له فیترەتەوەن: کورتکردنەوەی سمێڵ، ڕیش هێشتنەوە، وسیواک کردن، وئاو ڕادانە ناو لووت، وبڕینی نینۆکەکان، وشۆردنی بورجومەکان، لابردنی مووی بن باڵ، ومووی بەر تاشین ،وتارات کردن

له عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «دە شت لە فیترەتەوەن: کورتکردنەوەی سمێڵ، ڕیش هێشتنەوە، وسیواک کردن، وئاو ڕادانە ناو لووت (استنشاق)، وبڕینی نینۆکەکان، وشۆردنی بورجومەکان*، لابردنی مووی بن باڵ، ومووی بەر تاشین، وتارات کردن»، گێڕەرەوەی فەرموودەکە دەڵێت: دەیەمیانم لە بیرچوو لەوەیە ئاو ڕادانە نێو دەم (المضمضة) بێت. *[بورجوم: جومگەی پەنجەکانی دەستە لە ژێرەوە وسەرەوە لە نێوان ئێسکە بچوکەکان، کە زۆر جار پێست ڕەش دەبێتەوە بەهۆی پیسی وچەوریەوە، شۆردنیان وپاککردنەوەیان لە سونەتە].

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ەوە کۆمەڵێک سونەتەکانی فیترەتمان بۆ دەگێڕێتەوە. و (فیترەت): ئەو سروشتەیە کە خوای گەورە مرۆڤی لەسەر دروستکردووە، ولایان قبوڵکراوە ئەگەر کەسەکە فیترەتی پاک وکەسێکی لادەر نەبێت لە ڕێگای ڕاست، چونکە فیترەتی کەسی لادەر بەهەند وەرناگیرێت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (كل مَولود يُولد على الفِطْرة فأبواه يهودانه أو ينصرانه أو يُمَجِّسَانه)، واتە: (هەموو منداڵێک لەسەر فیترەت لە دایک دەبێت، ودایک وباوکی دەیکەنە جولەکە یان نەسرانی یان مەجوسی)، وفیترەت لەم فەرموودەیەدا مەبەست لەسەر فیترەتی یەک خوا پەرستنە بێ شەریک وهاوبەشدانان بۆی. 1/ (کورتکردنەوەی سمێڵ): بڕینی هەتاوەکو لێوەکان دەربکەون، وئەمەش هۆکاری پاکێتیە، وئەگەر درێژ بێت لەوەیە تێکەڵ بێت لە گەڵ خواردن وخواردنەوە، ودیمەنێکی ناشیرینە ئەگەر زۆر بێت. بۆیە پێویستە مسوڵمان سمێڵی کورت بکاتەوە وماوەی چل ڕۆژ تێپەڕ نەکات، ئەمیش بەهۆی فەرموودەی: ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە دەڵێت: (وُقِّت لنا في قص الشارب، وتقليم الأظفار، ونتف الإبط، وحلق العانة، أن لا نترك أكثر من أربعين ليلة)، واتە: (پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتی بۆمان دیاریکرد لە کورتکردنەوەی سمێڵ وبڕینی نینۆک ولابردنی مووی بن باڵ ومووی بەر تاشین کە چل ڕۆژ تێپەڕ نەکات). 2/ (ڕیش هێشتنەوە): ڕیش: ئەو موویەیە کە لەسەر چەناگە وهەردوو ئێسکە لارەکەی تەنیشی چەناگە بەرەو گوێیەکان دەڕوێن، ومەبەست لێرەدا هێشتنەوەیانە، وازی لێبهێندرێت کە زۆر بێت وکەم نەکرێتەوە نە بە تاشین ونە بە کورتکردنەوە، نە بە زۆری ونە بە کەمی، چونکە مەبەست لە هێشتنەوە (إعفاء) ئەوەیە کە زۆر وچڕ بێت، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: { حَتَّىٰ عَفَوا }[الأعراف: 95]، واتە:{هەتا بە تەواوی لە هەموو ڕوویەکەوە زیادیان کرد}، وفەرموودەی زۆر هاتووە لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- کە فەرمانی کردووە بە ڕیش هێشتنەوە بە فەرمان ودەستەواژەی جیاواز، لەوانەش: (وفروا، أرخوا، أعفوا)، وهەموو ئەم دەستەواژانە فەرمانە بە هێشتنەوەی ڕیش وکورت نەکردنەوەی، بۆیە نابێت مسوڵمان ڕیشی بتاشێت، ئەگەر وا بکات ئەوا پێچەوانەی ڕێبازی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرداری ئەنجامداوە وسەرپێچی کردووە وخۆی چواندووە بە موشریکەکان. 3/(سیواک کردن): واتا سیواک کردن لە خووەکانی فیترەتە وشەریعەت هانی داوە بۆ ئەنجامدانی، (پاککەرەوەیە بۆ دەم وهۆکاری ڕازی بوونی پەروەردگارە): بۆیە لە هەموو کاتێکدا ڕێگەپێدراوە وبەتایبەتتریش لە پێش دەستنوێژگرتن ونوێژکردن وپاش هەستان لە خەو وگۆڕانی بۆنی ناو دەم وزەرد بوونی ددانەکان وجگە لەمانە. 4/(ئاو ڕادانە ناو لووت (استنشاق)): واتا ئاو ڕادانە ناو لووت وهەڵمژینی بۆ پاککردنەوەی لە خووەکانی فیترەتە، چونکە پاککردنەوەیەتی لەو پیسیانەی کە لەوەیە ببنە هۆی زیان. وئاو ڕادانە ناو لووت لە هەموو

کاتێک دروستە بۆ دەستنوێژ وجگە لە دەستنوێژ وهەرکاتێک پێویست بوو لووت پاک بکرێتەوە ئەوا ئاو ڕادەدرێتەوە نێو لووت وهەڵدەمژرێت ودەردەکرێت بۆ دەرکردنی پیسیەکانی ناو لووت، وئەمەش بە پێی مرۆڤەکان دەگۆڕێت مرۆڤی وا هەیە تەنها لە کاتی دەستنوێژ ئەم کارە دەکات وکەسی واش هەیە کاتی تریش پێویستە لووتی پاک بکاتەوە. ولە سونەتەکانی فیترەتیش (ئاو ڕادانە ناو دەمە (المضمضة)): لووت ودەم هەندێک جار تووشی پیسی وپاشەڕۆ دەبن بۆیە پێویستە پاک بکرێنەوە وگرنگیان پێبدرێت. 5/(وبڕینی نینۆکەکان): لە سونەتەکانی فیترەتە، ومەبەست بڕینی نینۆکەکانی دەست وپێیەکانە، ودەبێت بە لایەنی کەم چل ڕۆژ جارێک بپردرێن (بقرتێندرێن) هەروەکو لە فەرموودەکەی ئەنەسەدا هاتووە، ئەگەر لەماوەی ئەو چل ڕۆژەدا جارێک زیاتریش بێت یان هەفتانە بێت ئاساییە وباشتریشە. 6/(شۆردنی بورجومەکان):بورجوم: جومگەی پەنجەکانی دەستە لە ژێرەوە وسەرەوە لە نێوان ئێسکە بچوکەکان، کە زۆر جار پێست ڕەش دەبێتەوە بەهۆی پیسی وچەوریەوە، شۆردنیان وپاککردنەوەیان لە سونەتە، وجاری وا هەیە بەهۆی گرج بوونیانەوە ئاو پێیان ناگات، وئاو دەکرێت پێیاندا وبە دەستەکەی تر پاک دەکرێنەوە، لە فیترەتە گرنگیدان بە پاک وخاوێنی ئەم شوێنانە. وجگە لە بورجومەکان پێویستە شوێن وجومگەکانی تری لاشەش پاک بکرێنەوە کە پیسی وئارەق تێیاندا کۆ دەبێتەوە وەکو دەوروپشت وناوەوەی گوێ، وپشتی ئەژنۆکان (چۆکەکان)، وبنی ڕانەکان وشوێنی تر کە زۆر جار پیسی وچڵکەکان دەرناکەون. 7/(لابردنی مووی بن باڵ): واتە لە خووەکانی فیترەتە، وئەویش لابردنی مووەکانی بنی باڵە، چونکە شوێنێکە ئارەق وچڵکی بە زۆری تێیدا کۆ دەبێتەوە، وبۆنێکی ناخۆش دەردەکات، وبە هەمان شێوە دەبێت لە چل ڕۆژ بە لایەنی کەمەوە جارێک مووەکانی لاببرێت هەروەکو لە فەرموودەکەی ئەنەسدا هاتووە، بەڵام کە هەفتانە بێت باشترە، ئەگەر لابردن قورس بوو ئەوا تاشین وبەکارهێنانی کرێمی موو لادەر ئاساییە چونکە ئامانجیان بەجێهێنا ئەویش بریتیە لە پاککردنەوەی ئەو شوێنە. 8/(مووی بەر تاشین): واتە لە خووەکانی فیترەت لابردنی مووی بەرە، ئەو مووانە زبرن ولە دەوروپشتی ئەندامەکانی زاوزێی نێر ومێ دەردەچن، لابردنی ئەم مووانە لە فیترەتەوەیە لابردنیان بەهەر شێوەیەک وبەکارهێنانی هەر کەرەستەیەکدروستە کە زیانی نەبێت چونکە ئامانج پاککردنەوەیە، وبە هەمان شێوە دەبێت لە چل ڕۆژ بە لایەنی کەمەوە جارێک بتاشرێت هەروەکو لە فەرموودەکەی ئەنەسدا هاتووە، بە هەمان شێوەیە لابردنی مووی دەوروپشتی شوێنی دەرچوونی پاشەڕۆی پیسی ناو سک کارێکی باشە بە تایبەت ئەگەر مووەکان زۆربن وبنە هۆی کەڵکە بوونی چڵک وپیسی. 9/(تارات کردن): واتە تارات کردن لە فیترەتەوەیە، هەروەکو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (من الفطرة: المضمضة، والاستنشاق والانتضاح) ،واتە: (فیترەت: ئاو ڕدانە ناو دەم (المضمضة)، وئاو ڕدانە ناو لووت وهەڵمژینی (الإستنشاق، وتارات کردن (پاککردنەوەی ئەو شوێنانەی میز وپاشەڕۆی لێوە دەردەچێت بە دەستی چەپ وئاو یان بە بەرد یان پەڕۆ وکلینسک وشتی پاککەرەوە یان هەر شتێکی تر کە شوێنەکان پاک دەکاتەوە وپاشەڕۆ لا دەبات، پێی دەووترێت: (الإنتضاح یان الإستنجاء). گێرەرەوەی فەرموودەکە دەڵێت: دەیەمیانم لە بیرچوو، لەوەیە (ئاو ڕادانە نێو دەم بێت (المضمضة) وئەمەش گومانێکە لە لایەن گێرەرەوەکەوە. وسەرەنجام ئەم کردەوانە ڕووکەشی دەرەوەی مرۆڤ پاک دەکەنەوە وشتە پیس وناشیرینەکانی لادەبەن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3730

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee